# فێرخوازانی کۆلیژی پەروەردەی کەلار باس لە کێشەکانیان دەکەن

کۆلیژی پەروەردەی کەلار سەر بە زانکۆی سلێمانیەو ساڵی 2006 لە شاری کەلار بۆ یەکەمین جار کراوەتەوە، بەشەکانی کوردی، جوگرافیا، کیمیا، دەروونناسی و لەم دواییەشدا بەشی مێژووی تێدا کراوەتەوە، هەر لەو ساڵە دکتۆر بەهرۆز محەمەدئەمین بووە بەراگری کۆلیژەکە، ژمارەیەک فێرخوازی زۆریش هەر لە سەرەتاوە بە قبول خاص وەرگیراون کە ئەندامی پەرلەمان و بەرپرسی ئاسایش و ڕاگەیاندنەکانیشی تێدابووە، زۆرێک کێشەش ڕووبەڕووی فێرخوازەکان بۆتەوە، لە نەبوونی بەشە ناوخۆیی و بچوکی شوێنی زانکۆ هی دیکەش.

بۆ ئێستا دوو بەشی ئەو کۆلیژە براونەتە سەر بەرزاییەکانی بەردەسور کە دەکەوێتە کۆتایی شاری کەلارەوە، بەشە ناوخۆییەکەش هەر لە نزیکی ئەو کۆلیژەیە، فێرخوازانی ئەو کۆلیژە گلەیی و گازاندەیان لە ئاستی مامۆستاکانیان و شوێنی کۆلیژەکەیاندا هەیە.

یەکێک لەو فێرخوازانە کە خۆی بە "پەری" ناسان، گوتی: ' پێمانوانیە کەسێک هەبێ گوێمان لێبگرێ، بۆیە وا دەزانم گلەیی کردن سودێکی نیە'

هەروەها "بەیان" کە فێرخوازێکی دیکەیە، گوتی: 'کۆلیژێکمان هەیە کابینەیە زۆر جار لەدەرەوە لەو دەشتە چۆلە بلۆکیش نیە لەسەری دابنیشین'

بەیان گلەیی ئەوەشی کرد وگوتی: 'بەشە ناوخۆییەکەمان لە شوێنێکی چۆلدایە، بەوهۆیەشەوە شەوان دووچاری ترس دەبینەوە، تەنانەت ئەو کابینەیەی کە بۆ پاسەوانەکانیش دانراوە هەر زۆر لە ئێمەوە دوورە'

"شادی" کە کچێکی دیکەیە، سەبارەت بەو کێشەیە گوتی: ' لەنێو بەشە ناوخۆیەکەدا هەموو ئامێرەکانی گەرمکەرەوە و ساردکەرەوە قەدەغەیە و خۆشیان هیچ ئامێرێکمان بۆ ناخەنە کار'

"ئاری" کوڕێکی ڕۆشنبیرو خوێنەرێکی باشی بابەتی دەرەکیە، وەک خۆی دەڵێ، سەبارەت بە کێشەکان گوتی: 'من لێرە هیچ پشت بە مامۆستاکانم نابەستم، خۆم سەرچاوەی فێربونی خۆمم لە زانکۆ'

هەر ئەو فێرخوازە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: 'جگە لەفێربوون، ئێمە بە درێژایی زستان و بە دووری 700 مەتر بە نێو قوڕدا دەڕۆین تا دەگەینە زانکۆ، کفرە لە نێو گەرمیاندا ئەم شێوازی خزمەتکردنیان بێ، گەرمیان دەڤەری نەهامەتیەکانە دەبێ زیاتر خزمەت بکرێ، ئاخر ئەمە بینای زانکۆ نیە، زیاتر لە فێرگەیەکی سەرەتایی گوندێ دەچی تا بینای زانکۆ'

"ژین" فێرخوازێکی ترە، گوتی: 'بەشە ناوخۆییەکەمان ژورێک جێگەی 3 فێرخواز بێ، ئەوە 5 فێرخوازی تێدەئاخنن، کتێبخانەکانیش 7 تا 8 فێرخوازی تێدایە'

وێرای ئەوانەشەوە، فێرخوازان گلەییان لە کارەبا هەبوو، زۆریشیان جەخت لەسەر کردەوە، "ژین" دەیگوت: 'ئێمە دوای 12ی شەو دەست بە خوێندن دەکەین کەچی ڕێک لەو کاتەدا کارەبامان لێدەکوژێننەوە'

"دیمەن" فێرخوازێکی دیکەیە، ئەویش وەکو هاوپۆلەکانی گلەیی و گازاندەی هەیە، ئەو دەڵێ: 'ئێمە هاوینان بە تانی تەڕ دەکەین بۆ فێنکی، زستانانیش 10 فێرخواز دەچینە ژورێک بۆ ئەوەی گەرم ببینەوە'




فێرخوازان لە نەبوونی کافتیریاو شوێنی دانیشتن لەنێو بەشە ناوخۆییەکان نیگەران بوون، "ژین" دەیگوت: 'کافتریامان لە نێو بەشەناوخۆییەکدا نیە زۆر کێشەشی بۆ دروست کردووین'

"شادی" دەیگوت: 'زۆر لە شەوان لەبەردەم ڕوناکی مۆبایلەکەمان دەخوێنین!' "بەیان"یش دەیگوت: 'چ زانکۆکەمان چ بەشە ناوخۆییەکەمان لە بەندیخانە دەچن، بۆیە شایانی ئەوە نیە ناوی زانکۆی لێبنرێ'، "پەری"یش وەک هاوڕێکانی دڵی پڕ گلەیی بوو، ئەو دەیگوت: 'من بۆ خۆم هەر کات باران بێ، ناچم بۆ زانکۆ و لە بەشی ناوەخۆدا دەمێنمەوە، چونکە دەزانم لەنێو ئەو قوڕە دەرناچم'

"ئاری" پێیوابوو کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆی سلێمانی ئەو زانکۆیە پشت گوێ خراوە، تەنانەت پێیوابوو کە ناوچەکەش بەکەمی بایەخی پێدراوە'

شایانی باسە کە پارساڵ لە ئەنجامی خۆپێشاندانی فێرخوازان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان ئاگر لە بەشە ناوخۆییەکە بەربوو، بەوهۆیەشەوە زیانیان پێکەوت، سەبارەت بەو ڕووداوە، "ئاری" دەیگوت: 'دەگوترێ کە ئاگر کەوتنەوەی پارساڵ بەهۆی شۆرتی کارەباوە بووە، هیچی دیکە ڕانەگەیاندراوە'

ئێمە حەزمان دەکرد کە بەناوی ڕاستینی خۆیانەوە قسە بکەن، بەڵام ئەوان زۆربەیان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ناوی خۆیان ئاشکرا نەکرێ، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە دوایی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و لە کۆلیژ دەربکرێن، سەبارەت بەو مەسەلەیە، "ژین" دەیگوت: 'زۆربەی کارگوزارەکانی نێو بەشەناوخۆییەکە کارەکانیان پشت گوێ خستووە'، "دیمەن"یش دەیگوت: 'زۆر کێشەمان هەیە ناکرێ هەمووی باس بکرێن، بەڵام تۆ بێنە بەرچاوی خۆت کە فێرخوازی زانکۆ بە دوو جووتە پێڵاو بچێتە دەوام، جووتی یەکەم بۆ ڕێگەو جووتی دووەمیش بۆ دەوامی زانکۆ!'

"بەیان" دەیگوت: 'کچان حەز لە پێڵاوی بەرز دەکەن، ئەوەش بۆ ناو قوڕ نابێ، بۆیە هەریەکەمان دوو جووتە پێڵاومان هەیە، یەکێک بۆ ڕێگەو ئەوی تریان بۆ ناو زانکۆ'

سەبارەت بە کێشەی فێرخوازەکان، "ژین" دەیگوت: 'من شەرمم دێ ئەگەر هاوڕێیەکم یان کەسێکم سەردانم بکات'

بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانە دەمانویست ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێز مامۆستا عەتا بەرپرسی کاروباری خوێندکارانەوە بکەین، زۆرمان هەوڵدا، بەداخەوە دوای هەوڵدانێکی زۆریش پەیوەندیەکە هەر وەرنەگیرا.



**ئامادەکردنی: سەردار محەمەد**

# ڕاپۆرتی وەرزی ڕێکخراوی ئاسک ASK بۆ چاودێریکردنی ڕێژەی هەڵاوسان لەهەرێمی کوردستان

بەپێی ئەو داتاو زانیاریانەی بەشی ئابووری ڕێکخراوەکەمان دەستی کەوتووەو لەو نەخشەیەدا دیارە کە هاوپێچەو تێیدا چاودێری ڕێژەی گۆرانی نرخەکان دەکرێت بۆ ڕاپۆرتی وەرزی لەکۆمەڵێک گروپی وەکو خۆراک و جگەرەو خواردنەوەو قوماش و جلوبەرگ و کەل و پەلی ناومال و سوتەمەنی و ڕوناکی و گواستنەوەو گەیاندن و کەل و پەل و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر و کرێ و دەرمان و خزمەتگوزاری پزیشکی. بۆیە لێرەدا ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بۆ هەر سێ مانگی تشرینی دووەم 2008 و کانونی یەکەم 2008 و کانونی دووەم 2009 لەکوردستاندا دەخەینە ڕوو.

*بەرەچاوکردنی بەراوردکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەر بۆ مانگی بەراوردکار (تشرینی دووەم، کانونی یەکەم، کانونی دووەم) لەگەڵ ژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەر بۆ مانگی ئەیلول کە وەکو مانگی بنچینەیی دانراوە بۆ بەراوردکردن، ئێمە ئەو ژمارانەمان دەست دەکەوێت:

- مانگی تشرینی دووەم 2008 %91,53
- مانگی کانونی یەکەم 2008 %94,64
- مانگی کانونی دووەم 2008 %111,63

لەو ژمارانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەر بۆ مانگی تشرینی دووەم ساڵی 2008 کە مانگی بەراوردکردن بووە لەلای ئێمەدا، لەگەڵ مانگی ئەیلول کە مانگی بنچینەبووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەگشتی نرخەکان دابەزیون، ئەوەش ئاماژەیە لەسەر هەبوونی جۆرێک لەپاڵپشتی نەختینەیی و بەرزبوونەوەی گوزەرانی خەڵک و باشتر بوونی، بۆیە ڕێژەی باشتر بوونی گوزەرانی خەڵک لەژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەردا بەڕێژەی %8,47 بووە بە بەراورد لەگەڵ مانگی بنچینەیی (ئەیلول).

تێبینی دەکرێت کەمێک بەرزبوونەوەی ڕێژەیی هەیە کاتێک قسە لەبارەی مانگی کانونی یەکەمی 2008 دەکەین بە بەراورد لەگەڵ مانگی بنچینەدا (ئەیلول 2008)، چونکە ژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەر لەو مانگەدا گەیشتە %94,64، واتا کەمترە لەژمارەی پێوانەیی بەکاربەر بۆ مانگی بنچینە (%100) بەڕێژەی %5,36، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر هەبوونی جۆرێک لەپاڵپشتی نەختینەیی و بەرزبوونەوەی گوزەرانی خەڵک، بەڵام کەمترە بە بەراورد لەگەڵ مانگی پێشووتر کە تشرینی دووەم.

بەڵام لەکاتی بەراوردکردنی ژمارەی پێوانەیی هەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمدا، تێبینی دەکەین کە جیاوازی نێوانیان دەگاتە ڕێژەی (%5,36 ـ %8,47 = -%3,11). ئەو ئەنجامە نێگەتیڤەش مانای وایە پاڵپشتی نەختینەیی و ڕێژەی گوزەرانی خەڵک بەهۆی بەرزبوونەوەی هەندێک کاڵا دابەزیوە.

پێچەوانەکە ڕاستە لەژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەر بۆ مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2009 لەکاتی بەراوردکردنی بەمانگی بەراوردکردن بەڕێژەی %11,63 بەرز بۆتەوە. دیارە هۆی ئەو بەرزبوونەوەیە لەمانگی کانونی دووەم بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە کە پێوەندیان بەبازارەکانی کوردستانەوە هەیەو ئەو مانگە کۆمەڵێک جەژن و بۆنەی ئایینی تێکەوت کە بوونە هۆی ئەوەی خەڵک پارەیەکی زۆرتر خەرج بکەن و بازاڕیش گرانتر بێت بەپێی یاسای نمایش و داخوازی.

لەکاتی بەراوردکردنی ئەو زەرەرەو کەمبوونەوەی داهاتی نەختینەیی و گوزەرانی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ دوو مانگی پێشووتردا دەبینین جیاوازییەکە بەو شێوەیە دەبێت:

جیاوازی نێوان مانگی کانونی دووەم و کانونی یەکەم = ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بۆ مانگی کانونی دووەم – ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بۆ مانگی کانونی یەکەم = %111,63 - %91,53 = %20,1.

جیاوازی نێوان مانگی کانونی دووەم و تشرینی دووەم = ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر، ژمارەی پێوانەیی بەکاربەر بۆ مانگی تشرینی دووەم = %111,63 - %94,64 = %16,99.

* بەراوردکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بۆ ئەو مانگانەی بەراورد کراون لەگەڵ یەکتری کە دەکرێت بەو شێوەیە جێگیر بکرێت:

- مانگی تشرینی دووەم 2008 %98,28.
- مانگی کانونی یەکەم 2008 %69,29.
- مانگی کانونی دووەم 2009 %117,96.

لەو ژمارانەی سەرەوەدا کە تایبەتە بەژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر و لەکاتی بەروادکردنیان لەگەڵ یەکتریدا ئەوە شتانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

دابەزینێک هەیە بەڕێژەی %1.72 لەژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بۆ مانگی بەراوردکراو لەکاتی بەراوردکردنی لەگەڵ ژمارەی پێوانەیی نرخی مانگی تشرینی یەکەمی 2008 دا. بەمانای ئەوەی باشتر بوونێکی ڕێژەیی هەبووە لەداهاتی نەختینەیی خەڵک و نرخیش دابەزیوەو گوزەرانیش باشتر بووە وەکو ئەنجامێکی دابەزینی نرخەکان.

لەکاتی بەراوردکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر کە پێشتر مانگانە بڵاومان کردۆتەوە بۆ مانگی کانونی یەکەم، بەژمارەی نرخەکانی مانگی تشرینی دووەم دەگاتە ڕێژەی %1,99، بەوەش دیارە دابەزینێک هەبووە لەنرخەکاندا، ئەگەرچی کەمترە بە بەراورد بەنرخەکانی مانگی ڕابردوو لەگەڵ مانگی پێشووتردا کە ڕێژەی دابەزینەکەی بەرانبەر مانگی پێشووتر گەیشتۆتە %1,99

لەکاتی بەراوردکردنی ژمارەی پێوانەیی مانگی کانونی دووەم 2009 بەژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بۆ مانگی کانونی یەکەم 2008، دەبینین بەرزبوونەوەیەکی زۆر گەورە هەیە لەژمارەکە بەڕێژەی %17,96 وەکو ئەنجامی گۆڕانی نرخەکانی هەندێک کاڵا لەکاتی ژماردنی ژمارەی پێوانەییدا، ئەوەش مانای وایە کە پاشەکشەیەکی ڕێژەیی هەیە لەداهاتی نەختینەیی و نرخیش لەبازاڕ بەرزبۆتەوەو ئاستی گوزەرانی خەڵکیش دابەزیوە.

لەکاتی حیسابکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بەپێی ڕێژە، دەبینین ئەو نەخشەیەمان بۆ دەردەچێت:

مانگی بەراوردکردن
مانگی بنچینەیی
تشرینی یەکەم
تشرینی دووەم
کانونی یەکەم
تشرینی دووەم %94,21 %104,28
کانونی یەکەم %93,39 %108,28
کانونی دووەم %92,07 %102,35

تێبینی دەکرێت کە پاشەکشەیەکی ڕیژەیی سنووردار هەیە لەژمارەی پیوانەیی بۆ مانگە بەراوردکراوەکان لەکاتی حیسابکردنی بەپیی ریژە لەگەڵ نرخەکانی پیوانەیی مانگی بنچینە وەکو ئەوەی لەستونی یەکەمدا هاتووە لەنیوان (0,82-) بۆ مانگی کانونی یەکەم و ریژەی (1,32-%) بۆ مانگی کانونی دووەم بە بەراورد لەگەڵ مانگی بنچینەییدا.

تیبینی دەکریت کە لەرزۆکییەک هەیە لەنیوان نرخەکانی پیوانەیی ژمیردراو بەپیی ریژە بۆ مانگە بەراوردکراوەکان لەگەڵ یەکتریدا، بەجۆرێک بەڕێژەی (%3,66) زیادی کردووە لەمانگی کانونی یەکەمی 2008 بە بەراورد بەمانگی پێشووتر، واتا (%108,28 - %104,62)، بەڵام پاشکشەیەک و باشتر بوونێک هەیە بەڕێژەی (%5,93) لەمانگی کانونی دووەمی 2009 بە بەراورد بەکانونی یەکەمی 2008 بەڕێژەی (%102,35 - %108,28)، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بەمانگی تشرینی دووەم دەبینین دابەزینێک هەیە بەڕێژەی (- %2,27).

• ڕێکخراوی ئاسک (American Society For Kurds) ڕێکخراوێکی ئەمریکی کوردی نێو دەوڵەتییەو نووسینگەی سەرەکی لەشاری تالاهاسی پایتەختی ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکایەو نووسینگەی سەرەکی هەرێمی کوردستانی لەشاری هەولێرە.

ASK لەساڵی (1997) لە ئەمریکا دامەزراوەو لەساڵی (1999) وە لەکوردستان کاردەکات و لەئێستادا (3) پرۆژەی چاودێری لەهەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات: چاودێریکردنی ڕێژەی هەڵاوسانی مانگانە. چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. چاودێریکردنی بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ئامادەکردنی**

**د. محمد سلمان**

پسپۆڕی ئابووری ڕێکخراوی ASK

بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڤیژن بۆ توێژینەوە

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.